

بسم الله الرحمن الرحيم

ئایا قورئانی پیرۆز چییە؟

قورئانی پیرۆز وتەی -قسەی- خوای گەورەیە ؛ پەروەردگار وخولقێنەری جیهانیان، دایبەزاند بۆ کۆتا پێغەمبەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی مەبەست لەدروستکردنی مرۆڤەکان بۆ هەموان ڕوون بکاتەوە، وڕێنمونیکاریان بێت بۆ ئەوەی دەبێتە هۆی بەختەوەریان لە دونیا ودواڕۆژ، وڕزگاریان بکات لە سەختی وناڕەحەتی دوای مردنیان، وکۆتا کتێبی دابەزێنراوە لەلایەن خوداوە، بەڕاستدانەری کتێبەکانی پێشووە، وهەڵوەشێنەرەوەی شەریعەتەکانی پێشووە.

وقورئانی پیرۆز ئایەت وموعجیزەیەکی هەتاهەتاییە، وبەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم-، خوای گەورە تەحەدای مرۆڤ وجنۆکەی کردووە کە هاوشێوەی قورئان بهێنن ئەگەر سورەتێکیش بێت، بەڵام نەیانتوانی هاوشێوەی بهێنن.

دەستی گۆڕانکاری تێدا کردن وگۆڕینی پێ نەگەیشتووە لەو کاتەوەی کە دابەزێندراوە پێش 1400 ساڵ، وبە پارێزراوی دەمێنێتەوە بە زوبانی عەرەبی کە هەر بەم زوبانە دابەزێنراوە، خوای گەورە خۆی دەیپارێزێت هەتاوەکو کۆتایی دونیا.





وقورئانی پیرۆز سەرچاوەی سەرەکی ئاینی ئیسلامە، وئەو دەستورەیە کە ژیانی مرۆڤایەتی ڕێکدەخات لە هەموو کات وشوێنێکدا، وبانگیان دەکات بۆ بەتەنها پەرستنی پەروەردگاری خولقێنەر، وڕوونی دەکاتەوە ئەوەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی بۆ ناسینی پەروەردگاری وئاینەکەی، وهەروەها باسی سەرەتای دروستکردنی گەردوون وقۆناغەکانی دروستکردنی مرۆڤ، وباسی ڕابردوو وداهاتوو ، وچیرۆکی پێغەمبەرانی تێدایە -عليهم السلام-، وچۆن خوای گەورە سەری خستن بەسەر دوژمنەکانیان، وهەروەها بنچینەی پەرستنەکان ومامەڵەکان وبانگەوازی بۆ ڕەوشتە جوانەکانی لەخۆگرتووە، وهۆشداری لە ڕەوشتە چەوت وناشیرینیەکان، وباسی چارەنووسی مرۆڤ دەکات



لەقیامەتدا؛ یان ئەوەتا بەرەو بەهەشت مالّی ئیمانداران دەڕۆن یان بەرەو دۆزەخ مالّی ستەمکار وکافرەکان.

وبەهۆی گرنگی ئەم کتێبە مەزنە کە خوای گەورە بەزوبانی عەرەبی دایبەزاندووە، وفەرمانی کردووە بگات بەهەموو مرۆڤایەتی؛ -ئەی خوێنەری بەڕێز- پێمان باش بوو وەرگێڕاوێکی ماناکانی بەزوبانی خۆت پێشکەشت بکەین، بۆئەوەی تێگەیشتنی ئاسان بێت وگەیاندنی بێتەدی، وئەندامانی کارکردن لەسەر ئەم پرۆژەیە ئەوپەڕی هەوڵی وکۆششیان داوە بۆ تێگەیشتنی ماناکانی و وەرگێڕانی.

پێویستە بزانین بەدڵنیاییەوە ئەگەر وەرگێڕانەکە هەرچەندە وورد ونایاب بێت ئەوا هێشتا کەمتەرخەمە لە گەیاندنی مانا مەزنەکانی قورئانی پیرۆز کە زۆر بەرزترە لە هەموو کارێکی مرۆڤایەتی، وئەوەی دەیەوێت زیاتر بزانێت سەبارەت بەو ڕاستییانەی قورئانی پیرۆز پێی هاتووە؛ ئەوا ئامۆژگاری دەکەین بە فێربوونی زوبانی عەرەبی چونکە ئەو زوبانەیە کە قورئانی پێ دابەزێنراوە.



وسەڵات وسەلام لەسەر پێغەمبەران، وحەمد وستایش بۆ اللە پەروەردگاری جیهانیان.

فرەفەرهەنگی قورئانی پیرۆز

دەتوانیت سەیری ماناکانی قورئانی پیرۆز بکەیت بە زمانی خۆت لەڕێگای مەسحکردن بەسەر هێمای (QR Code) لەکامێرای مۆبایلەکەتەوە.

- ئاسووده دەبین بە وەرگرتنی پێشنیار وتێبینیەکانتان بۆ پەرەپێدانی ئەم وەرگێڕانە لەڕێگەی هێمای تێبینیەکان لەپێش هەموو ئایەتێک لە ماڵپەڕی فرەفەرهەنگی قورئانی پیرۆز -موسوعة القرآن الكريم-
(www.quranenc.com)

ئەگەر دەتەوێت پەیوەندیمان پێوە بکەیت ئەوا دەتوانیت لەڕێگەی ئەم ئیمێڵەوە نامەمان بۆ بنێریت: info@quranenc.com .

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com